

دانـــــەر

**نامە نامۆكان**

**نامەی پانزە یەم**

هاوڕێ هەموو ساتێكی ئەمشەو پڕە لە نهێنی وئازار.. هیچ پێت سەیر نەبێت ئەگەر بڵێم بیر ئەكەمەوە بەڵام نازانم لە چی ؟!ئەگریم نازانم بۆچی ؟! ئەنوسم نازانم بۆ كێ !..ئاخر تۆ تەنها خەیاڵی ..خەیاڵێكی برۆنزی !..خۆ ناكرێت عاشق بم بە تۆ ..بە پاڵەوانی عالەمە خەیاڵی یەكەم ..بە نامۆیەكی ناو نامە نامۆكانم !..وەرە دەستم بگرە با سەما بكەین سەمایەكی شێتانە من تا دوا پلەی مەست بوون مەستم ..وەرە بمخەرە ئەودیو دەرگای نهێنی یەكان خۆت ئەزانیت كە من ناوەستم تێپەڕ ئەبم لە سنورەكان ..من بەرزتر ئەفڕم هەمیشە ئەوەتام لە سەرو ئەستێرەكان ..بەڵام تۆ ژەهرێك لە ناو خوێنتا هاتووچۆ ئەكات ئەویش ترسە ..ترس هەنگاوت پێ ئەنێت ..ترس هەناسەت پێ ئەیات ..ترپەكانی دڵت ترسە.. تەنانەت ترس نوێژت پێ ئەكات !.. سەیرە تۆ چ دیارییەكی ترسناكی بۆ ناو دڵی فریشتەیەك ..!

ئەی خەیاڵە برۆنزی یەكە بێ دەنگیت پڕە لە تاریكی هەر لە دوا هەناسەكانی مەرگ ئەچێت..هەر وەك كۆتایی 2014 لە دوا ساتەكانی ئەمشەو ..مەرگ وەك دوایین تاقیكردنەوەی ژیان پڕە لە ژانی بێ ئارامی تۆش ئەی خەندە شیرین هەندێك كات لە خەوی ناخۆشی مناڵێك ئەچیت زۆر جیاواز تر لە پێكەنینەكەی .. هاوڕێ حەزم لە بێدەنگی یە بەم ژاوە ژاوە بێزارم نازانم بە ناو مرۆڤەكان بۆ وا ئەكەن ؟!عەقلەكان لە كوێ ون بوون ؟بۆچی فریشتەكان ئەبن بە تارمایی و بەرەو ئاسمان سەفەر ئەكەن كەچی شەیتانەكان هەمیشە لە سەر زەوی ئاهەنگ ئەگێڕن كەش و هەوا پڕ ئەكەن لە بۆنی باروت و بەها جوانەكان وەك و تەرمێك ئەنێژن ..

هاوڕێ دڵم هێندەی دوری تۆ ئازار ئەچێژێت ..دوریت بووە بە تابلۆیەكی بێ ناونیشان و شێوەكارەكان بە نیازن پێشانگای بۆ بكەنەوە ..شاعیرەكان لە ڤیستیڤاڵێكا ئەیخوێننەوەو

منیش لەگەڵ هەنگاوەكانی خەیاڵ هەموو شەوێك بە دیار مۆمێكەوە هێمن هێمن وەك دوایین ووشە ئەتنوسمەوە..كە بەیانینیش خۆر هەڵدێ وەك شەونمی سەر گەڵاكان بەدەم گوڵەوە پێئەكەنم پێكەنینێكی بەردەوام بە دووبارەبوونەوەی ڕۆژەكان ..ئەو ڕۆژانەی كە هەمیشە تۆی تیا ونیت وەك ون بوونی هەناسەكان ..

دانـــەر